ژمارە: ٢٩٧٣/٢٩/٧ ٢٠١٤/٧/٢٣ زاینی

سەرۆکایەتی زانکۆی ڕاپەڕین
دەرچوو

بۆ/ یەکەی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری

ب/ ڕاگەیاندنی خوێندنی ماستەر

دوابەدوای ڕەزامەندی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بۆ کردنەوەی خوێندنی باڵا /ماستەر لەپسپۆریەکانی ( پەرستاری – مێژوو – جوگرافیا) زانکۆکەمان پلانی کردنەوەی خوێندنی باڵا/ ماستەر ڕادەگەێنێت بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٤- ٢٠١٥ لەم پسپۆریانەی سەرەوە وە لە خشتەکەدا ئاماژەیان پێکراوە لەگەڵ ژمارەی کورسیەکانی گشتی و تایبەت. و هەروەها فەرمانی وەزاری بۆ ماوە و کاتی پێشکەشکردن و ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی توانای زانستی و مەرج و ڕێنمایەکانی خوێندنی باڵا /ماستەر بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٤- ٢٠١٥هاوپێچ کراوە.

لەگەڵ ڕیزدا...

| پسپۆر | ژمارەی کورسی تایبەت | ژمارەی کورسی گشتی | کۆی ژمارەی کورسی |
|---|---|---|---|
| پەرستاری | ٤ | ٦ | ١٠ |
| مێژوو | ٤ | ٢ | ٦ |
| جوگرافیا | ٦ | ٢ | ٨ |

هاوپێچ: فەرمانی وەزاری

مەرج و ڕێنمایەکانی خوێندنی باڵا /ماستەر ٢٠١٤-٢٠١٥

پ.ی. د. صباح رشید قادر

ی. سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا

وێنەیەک بۆ

- ✓ نوسینگەی نوسینگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ.
- ✓ نووسینگەی بەڕێز یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری کارگێری ودارایی( بۆزانین) لەگەڵ ڕێزدا
- ✓ نووسینگەی بەڕێز یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری خوێندکاران( بۆزانین) لەگەڵ ڕێزدا
- ✓ خوێقتی
- ✓ دەرچوو
- ✓ بۆ بڵاوکردنەوە لە سایتی زانکۆ

| | | |
|---|---|---|
| حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق<br>سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران<br>وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی<br>نووسینگەی وەزیر | Kurdistan Region - Iraq<br>Council of Ministers<br>Ministry of Higher Education & Scientific Research | اقليم كوردستان - العراق<br>مجلس الوزراء<br>وزارة التعليم العالي والبحث العلمي<br>مكتب الوزير |

ژمارە : نووسینگە/ ٩٢٥٠

ڕێکەوت : ١٥/ ٧ /٢٠١٤ی زایینی

/ پوشپەڕ /٢٧١٤ی کوردی

نهێنی دەرکراوە

## فەرمانی وەزاری

ئاماژە بە بڕگەی (٣/ تەوەری چوارەم/ کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا) لە کۆنووسی کۆبوونەوەی ژمارە (١٥) ی ئەنجومەنی وەزارەت کە لە (٢٠١٤/٦/٢٦) ئەنجامدرابوو. سەبارەت بە کۆنووسی ژمارە (٦) ی لیژنەی باڵای خوێندنی باڵا کە لە (٢٠١٤/٥/٢٧) ئەنجامدرابوو، تایبەت بە پلانی خوێندنی باڵا/ ماستەر لە زانکۆکانی هەرێم. بڕیار درا بە:

أ. پەسەند کردنی پلانی زانکۆکان بۆ خوێندنی باڵا / ماستەر بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٤- ٢٠١٥)، جگە لە کورسیە گشتیە تەرخانکراوەکان.

ب. ماوە و کاتەکانی پێشکەشکردن و ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی و ڕاگەیاندنی دەرئەنجامەکان بەم شێوەیەی لای خوارەوە دەبێت:

١. **ماوەی پێشکەشکردن:** ڕۆژی یەکشەممە (٢٠١٤/٨/٣) تاوەکو ڕۆژی پێنج شەممە (٢٠١٤/٩/٤) دەبێت.

٢. **ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی:** ڕۆژی چوارشەممە (٢٠١٤/٩/١٧) ئەنجامدەدرێت.

٣. **ڕاگەیاندنی دەرئەنجامە بەراییەکان:** دوایین ڕێکەوت بۆ ڕاگەیاندنی دەرئەنجامەکان ڕۆژی پێنج شەممە (٢٠١٤/١٠/٩)دەبێت و پێش ڕاگەیاندنی دەرئەنجامە بەراییەکان پێویستە گشت زانکۆکان دەرئەنجامەکان ڕەوانە بکەن بۆ وەزارەت/ فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان بە مەبەستی پەسەندکردن.

٤. **ماوەی سکاڵا و تانەگرتن:** ڕۆژی یەکشەممە (٢٠١٤/١٠/١٣) تاوەکو چوارشەممە (٢٠١٤/١٠/١٥) دەبێت.

٥. **دەسپێکی دەوامی کاندیدە وەرگیراوەکان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٤- ٢٠١٥):** ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی (٢٠١٤/١٠/١٩) دەبێت.

د. یوسف گۆران

وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

## مەرج و ڕێنمایەکانی خوێندنی باڵا / ماستەر بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٤-٢٠١٥

**( خوێندنی ناوخۆ)**

مەرج و ڕێنمایەکانی خوێندنی باڵا / ماستەر لە زانکۆ حکومیەکان بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٤- ٢٠١٥بەم شێوەیەی لای خوارەوە پەیرەو دەکرێت:

**مەرجەکانی پێشکەش کردن:**

**یەکەم / مەرجی تەمەن**

تەمەنی خوازیار لە ٤٥ ساڵ زیاتر نەبێت.

**دووەم / مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی**

مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی ئەو لایەنانەی خوارەوە پەسەندە بۆ پێشکەش کردن:

أ- تاقیکردنەوەی ئەلیکترۆنی کە پەسندە بۆ پێشکەش کردن بەگوێرەی ئەم خشتەیەی خوارەوەیە :

| Person Academic | TOEFL PBT | TOEFL IBT | TOEFL Computer Base | IELTS | |
|---|---|---|---|---|---|
| لە (٢٥) کەمتر نەبێت | ٤٥٠ | ٤٠ | ١٣٣ | ٤ | زانستە سروشتی و زیندەکان |
| لە (٢٠) کەمتر نەبێت | ٤٢٥ | ٣٠ | ١٣٣ | ٣,٥ | زانستە مرۆڤایەتیەکان |

ب- سەبارەت بە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی ئەلیکترۆنی وەکو ئایڵتس و تۆفڵ لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان و شارەکانی دیکەی عێراق ودەرەوەی عێراق ، پێویستە ئەو سەنتەرەی تاقیکردنەوەی لێ ئەنجام دەدرێت لقێك بێت لە لقەکانی بنکەی سەرەکی ئایڵتس و تۆفڵ بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت پشت بە وێب سایتی رەسمی ئایڵتس و تۆفڵ ببەستێت وتیایدا ئاماژە درابێت کە لقی ئەو سەنتەرە لەو شارە هەبێت کە خوازیار تاقیکردنەوەی لێ ئەنجام دەدات.

ج- بڕوانامەی سەنتەری زمانی ئینگلیزی زانکۆکانی هەرێم بۆ ئەوانەی خولیان بینیوە بە مەرجێك ماوەی خولەکە لە ( ١٦٠) کاتژمێر کەمتر نەبێت و لە خولەکە دەرچوو بێت ، وماوەی پەیوەست بە توانستی زمانی ئینگلیزی بۆ ماوەی ٤ ساڵ ئەژمار دەکرێت.

د- مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی هەلگری بڕوانامەی ( بەکەلۆرێوس لە ئینگلیزی ) ناگرێتەوە.

هـ- دەرچووی بڕوانامەی بەکەلۆرێوس لەو وولآتانەی کە زمانی دایك ( اللغة الناطقة) زمانی ئینگلیزی ( بەریتانیا ، ئەمەریکا، کەنەدا ، ئوستورالیا، نیوزلەندا) مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی ناگرێتەوە.

**سێ یەم : شارەزایی لە کۆمپیوتەر:**

خوێندکاری ماستەر لە وەرزی یەکەمی خوێندنی ماستەرەکەیدا وانەی کۆمپیوتەر دەخوێنێت و پێویستە تێیدا دەربچێت واتە نمرەی ( مستوفی ) بە دەست بهێنێنێت بە بێ تەرخان کردنی یەکەی خوێندن بۆ ئەو وانەیە.

**چوارەم / مەرجی سالآنی خزمەت**

بوونی دوو ساڵی فعلی بۆ خوازیاران دوای بە دەست هێنانی بڕوانامەی بەکەلۆریۆس تا ڕێکەوتی ٢٠١٤/١٠/٣٠ ( دامەزراو بن لە دام ودەزگاکانی حکومەتی هەرێم) جگە لەو خوازیارانەی کە یەکەمی سەر بەشەکانن پێویستە یەك ساڵ بەسەر دامەزراندنیان تێپەڕ بووبێت تا ڕێکەوتی ٢٠١٤/١٠/٣٠.

**پێنجەم/ مەرجی کۆ نمرە**

أ- کۆنمرەی بەکالۆرێسی خوازیار لە (٦٥٪) بەرەو سەر بێت یاخود لە چارەگی یەکەمی دەرچووان بێت

ب- تایبەت بە دەرچووانی سکوڵی پەرستاری پێویستە کۆنمرەیان لە ( ٦٠ ٪) کەمتر نەبێت یان لە چارەگی یەکەمی دەرچووان بێت.

**شەشەم: مەرجی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی:**

تاقیکردنەوە ی توانستی زانستی ئەنجام دەدرێت و ڕێژەی ( ٣٠٪) نمرەی بۆ تەرخان دەکرێت و (٧٠٪) ی تریشی لەسەر کۆنمرەی بەکەلۆریۆس ئەژمار دەکرێت و مەرجە خوازیار دەربچێت لەم تاقیکردنەوەیە ( واتە ١٥ نمرە لە ٣٠ نمرەی تەرخانکراو بۆ تاقیکردنەوەکە بە دەست بهێنێت)